# پارێزگای سلێمانی

کۆدی پرۆژە [(SUL. G. (٣٠٢٠] ساڵی ٢٠١٦

کەمکردنەوەی نهێنی / بانگێشتی (کراوە)

## بۆ پرۆژەی :کۆکردنەوەو گواستنەوەو چارەسەرکردن و داپۆشینی خۆڵ و خاشاکی زۆنی (٣)( چەمچەماڵ- دوکان ).

**پـــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات که ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کـەمکردنەوەیە با سەردانی بینای **پـــارێزگای سلێمانی** (کاروباری هونەری/ ب.گریٚ بەستەکان / فرۆشتنی تەندەر ) بکات لە نهۆمی زەمینی بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـەر( ٤,٠٠٠,٠٠٠) چوار ملیۆن دینار ی عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەر کرێی بلاْوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

١- وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی (٢٠١٦/١٠/١٣) دەست پێ دەکات تا رۆژی (٢٠١٦/١١/٢٧) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (١٢:٠٠) ی نیوەڕۆ .

٢- رۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٣٠/ ١١/ ٢٠١٦) کاتژمێر (١٢:٠٠) ی نیوەڕۆ دەبێت . هەردوو زەرفی (یەکەم و دووەم ) دەگەڕێتەوە.

٣- رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە رۆژی ( ٠١ / ١٢ /٢٠١٦ ) کات ژمێر ( ٩ ) پێش نیوەڕۆ دەبێت. زەرفی یەکەم دەکرێتەوە.

٤- هەر رۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی رەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم رۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.

٥- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە: (٣٦ ) سی و شەش مانگ ( رۆژمێری ) .

٦- بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئامادەبێت ,ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

٩- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

١٠- پێوستە بەڵێندە لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ ( email ) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات

١١- پیٚویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(٢) ی ساڵی (٢٠١٦) و مەرجەگشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەی عێراقی بەشی (١و٢) بێت.

١٢- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو روونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی ب.گ.شارەوانیەکانی سلێمانی بکات.

**تێبینی :** پرۆسەی پێشکەش کردنی تەندەر بەشێوازی دوو زەرف (المغلفین) دەبێت وە بەرواری رۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر تەنها زەرفی یەکەم (تەندەری هونەری) دەکرێتەوەو دوای هەڵسەنگاندنی کۆمپانیاکان بە پێ ی مەرجەکانی کە دیاری کراوە لە زەرفی یەکەمی بانگەوازەکەدا هەر کۆمپانیایەك ئەو مەرجانەی تێدانەبوو زەرفی دووەم (دارایی) تەندەرەکەی رادەست دەکرێتەوە بە داخراوی وە لە پرۆسەکەدا سەرکەوتوو نابێت.

مەرجە گشتیەکان :-

٧- پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.

٨- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (١٢٠) رۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

((مەرجەکانی بەشداری کردن))

## زەرفی یەکەم :( زەرفی هونەری ) پێویستە ئەم بەڵگەنامانەی تێدابێت.

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن پێوستە پلەی پۆلێن کردنیان لە پلە (١) دابێت وە پێناسی پۆلین کردنیان پێ بێت کە لەوەزارەتی پلان دانانەوە دەرچوبێت و بەرواری بەسەر نەچووبێت و پێناسی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانیان پێ بێت و بەرواری بەسەر نەچووبێت.

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێم, وە بەڵگەنامەی پێویست پێشکەش بکەن کە هاوتایی پۆلێنی پلە(١) ی کۆمپانیا ناوخۆییەکانن وە کاری هاوشێوەی ئەنجام دابێت.

٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە بڕوانامەی دامەزرانی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێم , وە بەڵگەنامەی پێویست پێشکەش بکەن کە هاوتایی پۆلێنی پلە(١) ی کۆمپانیا ناوخۆییەکانن وە کاری هاوشێوەی ئەنجام دابێت.

٤- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراوی بەرواری گەڕاندنەوەی تەندەر وەرناگیرێت وە صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٥- بڕی بارمتەی یاسایی بە بڕی (٨٥٦,٠٠٠,٠٠٠) هەشت سەدو پەنجاو شەش ملیۆن دینارە بە (چەکی پەسندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (١٤٨) رۆژ پێشکەش دەکرێت ، بەناوی پارێزگای سلێمانی کرابێت و ناوی پرۆژەکەی لەسەر نوسرابێت.

٦- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن .

٧- ئەزموونی گشتی و تایبەتی و کارە هاوشێوەکانی کۆمپانیاکان لە رووی سروشت و قەبارەو پێکهاتەکانیەوە پشتگیری پەسەندکردنی کارەکانی پێشوی کە جێ بەجێ ی کردووە.

٨-توانای کۆمپانیاکان بۆ دابین کردنی توانایی کارگێڕی و ستافی کۆمپانیاو وە لیستی ئامێرەکانی کە هەیەتی بە خشتەیەك جۆرو مۆدێل و ژمارەیان دیاری کرابێت کە تایبەتە بە پرۆژەکە.

٩- توانایی دارایی کۆمپانیا :

أ- ژمێرەی کۆتایی ساڵی رابردو پەسەند کرابێت لەلایەن ژمێریاری یاسایی باوەڕپێکراو ( محاسب قانونی معتمد ).

ب- داهاتی ساڵانەی بۆ (٣) سێ ساڵ.

ج- قەبارەی توانایی دارایی کۆمپانیا لە ساڵی ٢٠١٦ دا.

د- دەست نیشانکردنی ئەو پرۆژانەی کەلە ئێستاو داهاتوودا جێ بەجێ ی دەکەن.

هـ- پشتگیری تەواو بوونی ئەو کارانەی کەلە رابردودا جێ بەجێ ی کردومو بە شێوازێکی باش کرابێت.

و- پێشکەش کردنی لیستی کارمەندانی هونەری (ئەندازیار، هونەری) تایبەت بە پرۆژەکە.

ز- سەبارەت بە کۆمپانیا بیانیەکان دەبێت بۆ دروست کردنی کارگەی (ریسایکلین) (٢٥٪) کادری هونەری ناوخۆیی بەکار بهێنێت وەهەروەها (٥٠٪) کرێکاری ناوخۆیی بەکاربهێنێت.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئامادەکردنی بانگەواز<br>باپیر فائق | ئە. ئامادەکردنی تەندەر | ئە. چێکی تەندەر<br>فرمان أبوبكر محمد<br>٢٠١٦/١٢/١٠ | ل.تەندەر<br>نەورۆز رەئوف مستەفا<br>٢٠١٦/١٢/١٠ |

١٠- ئەو کۆمپانیایانەی بەشێوە ( joint Venture ) تەندەر پێشکەش دەکەن پێویستە گرێبەستێکی پەسەندکراو لەلایەن ( دادنوس )ەوە پێشکەش بکەن وەکەسێك وەك هاوبەشێکی ڕێپێدراو بەدەسەلات دیاری بکەن .یان نامەی نیەتی پێکهێنانی ( j.v ) لەنێوان چەند کۆمپانیایەکدا پێشکەش بکەن.

١١- پێویستەئەو کۆمپانیایانەی کە بەشێوەی ( j.v ) تەندەر پێشکەش دەکەن یەکێك لەو کۆمپانیانە کۆمپانیای خۆماڵی بێت یان بیانی لە ( j.v ) کەدا کاری هاوشێوەی هەبێت. لە بواری دروست کردنی کارگەی ( ڕیسایکلین ) ی خۆڵ و خاشاکدا. وەهەروەها لەدوای ئەسپاردەکردنی پرۆژەکە بۆیان کۆمپانیای بیانی ئەگەر بڕوانامەی دامەزراندن لقی نە بوو پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی لق بەدەست بهێنێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم یان بە پێ ی ڕێنمایەکانی حکومەتی هەرێم کارە یاسایەکانی ئە نجام بدات.

١٢- بیرۆکەی کۆمپانیا بۆ شێوازی جێ بەجێ کردنی کارەکەی بەوردی لەگەڵ هەرخاڵێکی پۆزەتیف بۆ باشتر جێ بەجێ کردنی کارەکان بە ڕاپۆرتێك پێشکەش بکات.

١٣- لەکاتی بەشداری کردنی چەند کۆمپانیایەك بە شێوازی ( j.v ) هەریەك لەو کۆمپانیایانە پابەند بێت بەسەرجەم ئەو بەڵگەنامە پێویستانەی کەلە خاڵەکانی ( ١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،٩ ) کەلەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە چونکە هەموو کۆمپانیایی بەشداربوانی ( j.v ) کە بەرپرس دەبن بەرامبەر جێ بەجێ کردنی پرۆژەکە بە پێ ی یاساو ڕێنماییەکان.

## زەرفی دووەم :( زەرفی دارایی ) پێویستە تەندەری پرۆژەکەی تێدابێت.

١- تەندەری پرۆژەکە وەك خۆی بگەڕێنێتەوە و گشت بەراییەکان مۆرو واژۆ کرابێت لەلایەن کۆمپانیاوە کە بریتیە لە ( ڕێنمایی ومەرجە گشتیەکانی تەندەر+ فۆرمەکان بەنرخەوە+ مەرجەکانی LF+ مەرجەکانی کارگە+ مەرجەکانی گواستنەوەی خۆڵ و خاشاك ).

٢- بەهیچ شێوەیەك دەستکاری نرخی بڕگەکانی تەندەرەکە نەکرێت.

٣- کۆمپانیایی بەشدار بوو تەنها ڕێژەی سەدی ( سەرو یان ژێر یان هەمان ) نرخی خەملێنراوی تەندەرەکە دەنوسێت بەژمارەو بە نوسین.

سەردار قادر علی

پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

٢٠١٦/١٠/١٠

وێنەیەك بۆ:

- بەڕێز سەرۆکی ئە نجومەنی پارێزگا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریای / گە نجینەی /٢ سلێمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب.گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب . گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ کاری پێویست .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ زانیاریتان.
- سایتی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری / لەسەر بودجەی وەزارەتی شارەوانی ٢٠١٦.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبەت بەکاری بڵاوکردنەوە لەرۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بەشی IT.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەڕی www.slemani.gov.krd بکە .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی ( ٠٥٣٣١٩٣٩٧٣ ) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر یان email: ps.tendering@yahoo.com

| ئامادەکردنی بانگەواز | ئە. ئامادەکردنی تەندەر | ئە. چێکی تەندەر | ل.تەندەر |
|---|---|---|---|
| باپیر فائق | | فرمان أبوبكر | نەورۆز رەئوف مستەفا |
| | ٢٠١٦/١٠/١٠ | ٢٠١٦/١٠/١٠ | ٢٠١٦/١٠/١٠ |